

گەشاوە جاف

**تەنهایی غوربەت**

چەندە جوانن ئەو فرمێسکانەی

هۆن هۆن دێنە خوارێ و تەڕی

دەکەن باخچەی ڕۆحی ووشکم.

* * *

چەندە شیرینن بزەی سەر لێوت

کە خەندەی خۆشی ئەخاتەنێو ژینم

چەندە سەرمەستم

بەو ئاواز و میلۆدییەی

کە لە دەنگی تۆ دەیبیستم.

* * *

چەندە فێنکە ئەو هەوایەی کە

لە هەناسەی تۆوە دێ و فێنکی

دەکاتەوە گەرمی هەستم.

چەندە بەناز چاوەکانت هەڵدەهێنی

له هه‌ڵهێنانیان ده‌رده‌که‌وێ خۆری

چه‌ند ساڵه‌ی به‌ختم

ئه‌و خۆره‌ی چه‌ند ساڵه ئاوا ببوو

تۆ ئه‌یبه‌خشیته‌وه  به جه‌سته‌م

ڕزگارم ده‌كات له سه‌رمای

چه‌ند ساڵه‌ی غووربه‌ت و

ووزه و ئاره‌زوو ئه‌داته‌وه

به له‌شم.

ئه‌و جه‌سته‌ی که تاساوه له غه‌می

غوربه‌ت و ته‌نهایی ووریای که‌ره‌وه

به نزيك بوونه‌وه‌ت له ناخم.

*        *        *

بیبڕه‌وه  دابڕان و ته‌نهایی

گۆشیکه به‌جوانی کۆرپه‌ی

دڵی پڕ له هه‌ستم.

له‌نده‌ن**2007** /